سەرۆک کۆمار پێشوازی لە وەفدێکی کریستیانەکانی عیراق دەکات

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە وەفدێکی فراوانی سەرۆکی تائیفەکانی کریستیان لە عیراق و میتیجیا لەسکۆڤار بایەزی ڤاتیکان.

لەنوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:لەسەرەتای دیدارەکەدا، کە لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی لە وەفدەکە و هەموو کریستیانەکانی عیراق و جیهان کرد بەبۆنەی جەژنی لەدایکبون و ساڵی نوێوە، هیوای ئارامی و ئاشتی بە گشت کریستیانەکان و عیراقییەکانیش خواست.

هەروەها سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەکرد، کریستیانەکان پێکهاتەیەکی سەرەکین لە فرەچەشنی مرۆیی وەات، کە پەرەشین بە دەستبەرکردن و زامنکردنی مافەکانیان و بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی وەاتدا وەک پێکهاتەکانی دیکەی عیراق. هەروەک ستایشی هەوڵەکانی نیشتمانییەکانی پێکهاتەی رەسەنی کریستیانی کرد لە پاڵ براکانیان لە سەرجەم پێکهاتەکان لە عیراقدا.

سەرۆک کۆمار بە ئامادەبوانی دوپاتکردەوە، دەرگاکانی سەرۆکایەتی کۆمار لەبەردەم گشت پیاوانی ئایینی بە جیاوازی تائیفەکانیانەوە واتان بە گوێگرتن لە داواکاریی و گرنگیدان بە دابینکردنی پێداویستیەکانیان.

هەروەها سەرۆک کۆمار جارێکی دیکە دەگرانی خۆی بە رووداوەکەی حەمدانیە دوپاتکردەوە و هاوسۆزی خۆی بە خانەوادەی قوربانییەکان دەربڕی، هاوکات نیگەرانی خۆیشی سەبارەت بە بەردەوامی هەرشەکان بە سەر غەزە دەربڕی، کە دەبەتەمایەی کارەسات و کەش بە هاووەاتیانی فەلەستینی.

لەلای خۆیانەوە، ئەندامانی وەفدەکە سوپاس و پێزانینی خۆیان بە سەرۆک کۆمار دەربڕی بە میوانداریکردنیان و پیرۆزباییکردن لێیان و لە هەموو کریستیانەکان بەبەنەی جەژنی لەدایکبوونەوە، هەروەها ستایشی هەوڵەستەکانی سەرۆک کۆمار کرد بە پشتگیریکردنی لە پەکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان سەرجەم عیراقییەکان.